


# ورچی ڕاونەکراو

وەرگێڕانی لە فارسییەوە

**حەمە عەباس**

**وەزارەتی رۆشنبیری**

**خاوەنی ئیمتیاز: وەزیری رۆشنبیری**

**سەرنووسەر: نیان ئەحمەد**

زنجیرەی کتێب: ٢٩

ناوی کتێب: ورچی ڕاونەکراو

وەرگێڕانی: حەمە عەباس

دەرهێنانی هونەری: ئاسۆ خالید

وێنەکان: مەریوان سەلیم گەلاڵی

پیتچنین: حەمە عەباس

هەڵەچن: سیڤان تەها

سەرپەرشتیاری چاپ: عەبدولقادر عەلی مەردان

ژمارەی سپاردن: (٩٢٥)

چاپ: یەکەم ٢٠٠٧ - هەولێر-

چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخی: (٥٠٠) دینارە

**زنجیرە کتێبی منداڵان لەسەر ئەم سایتە بخوێنەوە:**

www.geocities.com/kitebi_mindalan

# کڵاوفرۆش

پیاوێک هەبوو بەهۆی کڵاو فرۆشتنەوە بژێوی خۆی دابین دەکرد.

رۆژێکیان بیستی کە لەشارێکدا کڵاو رەواجێکی زۆری هەیە، بۆیە هەموو ئەو پارەیەی کە هەیبوو بە کڵاوی داو بەرەو شارەکە بەڕێکەوت.

چەندین رۆژ رۆیشت تا گەیشتە نزیکی شارەکە، دارستانێکی خۆش لە نزیک شارەکەبوو، کابراش زۆر ماندوو بوو، بڕیاریدا لەوێدا پشووێک بدات.

کڵاوفرۆش لە خەودابوو کە بەدەنگێک لەخەو هەڵسا، بەسەرسامیەوە تەماشای دەوروبەری خۆی کردو چاوی بە کیسەی کاڵاوەکەی کەوت کە کرابووەو کڵاوەکانیش نەمابوون.

کابرا دڵی داخورپاو تەماشای دەوروبەری خۆی کرد بەڵکو کەسێک ببینێ، بەڵام کەسی نەبینی.

لەناکاو دەنگێکی لەسەر سەری خۆیەوە گوێ لێبوو، سەری بڵند کردو لە سەرسامیان دەمی بەش بووەوە، چونکە کڵاوەکانی ئەو لەسەر سەری مەیموونەکان بوون.

کابرا بە نیگەرانیەوە بەردێکی بۆ مەیموونەکان هاوێشت ئەوانیش بە قیژەو هاوار بازیان دایە سەر لقەکانی دیکەوە.

کابرا کە لەم رووداوەدا زەرەرێکی زۆری کردبوو نەیدەزانی چی بکات، چونکە هەڵگەڕان بەسەر دارەکانیشدا هیچ سودێکی نەبوو، لەبەرئەوەی مەیموونەکان هەڵدەهاتن.




بە خەمبارییەوە نەفرەتی لە بەختی خۆی دەکرد.

پیرەمێردێک بەوێدا تێدەپەڕی، کابرای کڵاوفرۆشی بە خەمبارییەوە بینی و لێی پرسی:

تۆ دەڵێی خەڵکی ئێرە نیت! ئەوە بۆچی ئەوەندە خەمباری؟

پیرەمێرد کاتێ بەسەرهاتەکەی بیست،

پێیگوت:چارەی ئەمە ئاسانە، ئایا تۆ کڵاوی دیکەت هەیە؟

کابرای کڵاوفرۆش کڵاوەکەی خۆی لەسەر سەری داگرت و دایە پیرەمێردەکە.

پیرەمێرد کڵاوەکەی خستە سەر سەری خۆیو وەک مەیموونەکان

چەند جارێک قیژاندیو دواتر کڵاوەکەی لەسەر سەری خۆی هەڵگرت و لە هەوادا سوڕاندیو دواتر فڕێیدایە سەر زەوی.

کابرای کڵاوفرۆش ئەمەی زۆر بەلاوە سەیر بوو، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم مەیموونەکانیش لاسایی پیرەمێردەکەیان کردەوەو ئەو کڵاوانەی لەسەریانبوو فڕێیاندایە سەر زەوی.

کڵاو فرۆش بە دڵخۆشیەوە کڵاوەکانی کۆکردەوەو سوپاسی پیرەمێردی کرد بەرامبەر بەو تەگبیرو چارەسەرە گونجاوەی کە بەبیری داهاتبوو، هەر بۆسوپاس کردنی پیرەمێرد کڵاوێکیشی بە دیاری پێشکەشی کردو بە ڕێگای خۆیدا ڕۆیشت.



# کەروێشکی زیرەک



کەروێشکێکی زیرەک لە دارستانێکی سەوزەڵان و جواندا دەژیا، پیرەگورگێک و ڕێوییەکی بەدڕەفتاریش هەمیشە نەخشەی ئەوەیان دەکێشا کە کەروێشکەکە راو بکەن، بەڵام هیچ کاتێ تێیدا سەرنەدەکەوتن، ڕۆژێک ڕێویی فێڵباز بە گورگی گوت: من نەخشەیەکی چاکم هەیەو ئەمجارەیان دەتوانین کەروێشکەکە راوبکەین. گورگ گوتی: چ نەخشەیەک؟

ڕێوی گوتی: تۆ برۆ ناو دارستان و لەوشوێنەی کە قارچکە ژەهراویەکان دەڕوێن خۆت وا نیشانده کە مردووی، منیش دەچمە لای کەروێشک و پێی دەڵێم کە تۆ مردووی، کاتێ کەروێشکەکە دێتەلات تا بتبینێت، تۆ لێی ڕاپەڕەو بیگرە، گورگ بەمە رازی بوو و چووە هەمان ئەو شوێنەی کە ڕێوی بۆی دەستنیشان کردبوو، ڕێویش چووە لای ماڵی کەروێشک و دەستی بە شیوەن و گریان کرد، بەدەنگێکی بەرز بە کەروێشکی گوت:

ئەگەر دەزانی چ بەڵایەکم بەسەر هاتووە!! هەروەها لەسەر شیوەن و گریان بەردەوام بوو و گوتی: دوێنێ شەو برادەرە خۆشەویستەکەی

من پیره گورگ به هەڵە قارچکە ژەهراوییەکانی دارستانی خواردووەو مردووە، ئەگەر باوەڕیش ناکەی خۆت بچۆ بیبینە، هەر بەم شێوەیە کە خۆی نارەحەت نیشان دەدا لەوێ دوورکەوتەوە، کەروێشک بەم هەواڵە دڵخۆش بوو، لەدڵی خۆیدا گوتی: با بچم بزانم باس و خواس چیە!

چووە ئەو شوێنەی کە قارچکی ژەهراویی لێدەڕوێت، لەپشت دەوەنەکانەوە تەماشای کرد، بینی پیرەگورگ لەسەرپشت کەوتووەو هیچ ناجولێت، بەدڵخۆشیەوە گوتی لە شەڕی ئەم گورگە نارەسەنە دەربازمان بوو، ویستی لێی بچێتە پێش و لە نزیکەوە بیبینێت، بەڵام بەر لەوەی نەوەک لەپشت دەوەنەکانەوە بێتە دەرەوە لەدڵی خۆیدا گوتی: ئەگەر زیندوو بێت چی بکەم؟ ئەوکاتە دەمکاتە پارویەک و قووتم دەدات، باشترە پارێزی لێ وەرگرم و دڵنیابم لەوەی کە بێگومان مردووە، بۆیە لەپشت دەوەنەکانەوە بە دەنگێکی بڵند،بەجۆرێک کە گورگەکە گوێی لێبێت گوتی: باوکم پێی گوتووم



گورگ کە دەمرێت دەمی دەکاتەوە، بەڵام پیرەگورگ دەمی داخراوە، گورگ کە ئەمەی بیست وردە وردەو لەسەرەخۆ دەمی کردەوە، تا باوەڕ بە کەروێشکەکە بێنێ کە مردووە، کەروێشک کە زۆر بەوردی چاودێری دەمی پیرەگورگی دەکرد، هەستی بە جولانی دەمی پیرەگورگەکە کردو تێگەیشت کە گورگ زیندووە، دواتر بە دەنگێکی بڵند هاواری کرد: ئەی گورگی نارەسەن تۆ ئەگەر مردووی چۆن دەمت دەجولێنیت؟! هەڵسە هەڵسە دیسان فرووفێڵی ئێوە سەری نەگرت، ئەمەی گوت و بە خێرایی لەوێ دوورکەوتەوە.



# ورچی ڕاونەکراو



دوو ڕاوچـی بەنـاوی ئالفرێدو ئاگۆست بە نزیکی دارستانێکا تێدەپەڕین تا بە هەوارگەیەک گەیشتن.

ئەو هەوارگەیە لە نزیک دارستانێک بوو کە ورچێکی گەورەی تێدا دەژیا. ڕاوچیەکان تەماشایان کرد هەموو خەڵک باس لە لاشەی گـەورەی ورچەکەو پێستە بەنرخەکەی دەکـەن، کە تائێستا هیچ ڕاوچیەک نەیتوانیوە ڕاوی بکات.



ئاگۆست گوتی:

ئێمە دوو کەسین، دەتوانین بە ماوەیەکی کەم ڕاوی بکەین.

سەرلەبەیانیی ڕۆژی دواتر هەردووکیان چوونە دارستان، بەڵام هەرچەندەی گەڕان و سوڕان هیچ سەرو سۆراغێکی ورچەکە نەبوو، دەتگوت بۆتە ئاوو زەوی هەڵی لووشیوە، دواتر گەڕانەوەماڵەوەو

چەند رۆژێک بەمجۆرە تێپەڕی. ئەم ڕووداوە هەفتەیەک درێژەی کێشاو ئەوانیش لەو هەوارگەیەدا مانەوەو هەرچی خواردنێکی کە پێویستیان بوو لە خاوەن ماڵەکەیان وەردەگرت و پێیانگوت: کە ورچەکەمان ڕاوکرد،پێستەکەی دەفرۆشین وپارەی جێگاو خواردنەکانمان دەدەین.

ئەم دوو ڕاوچییە لەخۆباییە لەخەیاڵی خۆیاندا پێستی ورچەکەیان فرۆشت. بەڵام ئەوکاتەی کە ورچەکەیان بینی ورەیان بەتەواوی لەدەستدا، چونکە ئەو ورچە لە فیلیش گەورەتربوو، دەتگوت کێوێکەو دەجوڵێتەوە.

ئالفرێد کە لەترسان تفەنگەکەی لەدەست کەوتە خوارەوەو بەسەر درەختێک هەڵگەڕا، بەڵام ئاگۆست کە دەرفەتی ئەوەی نەبوو بەسەر درەختا هەڵگەڕێت، خۆی مراندو لەسەر زەوی راکشاو هەناسەی لەخۆی بڕی.

ورچەکە کەدەستی نەدەگەیشتە ئالفرێد، بەرەولای ئاگۆست رۆیشت و لووت و گوێکانی بۆنکرد، کاتێ وایزانی مردووە لەوێ دوورکەوتەوە.

ئاگۆست بەترس ولەرزەوە لەسەر زەوی هەڵسایەوەو ئالفرێدیش لە درەختەکە هاتە خوارەوە.

ئالفرێد هەوڵیدا خۆی بە ترساو نیشان نەدات بە فیزێکەوە بە ئاگۆستی گوت:ورچەکەچی بەگوێدا چرپاندی؟

ئاگۆست تەماشایەکی برادەرەکەی کردو گوتی:ورچەکە پێی گوتم: تائەو کاتەی کە ورچت نەکوشتووە،پێستەکەی مەفرۆشە.

# پشیلەو ڕێوی



پشیلەیەک گەیشتە ڕێوییەک، پشیلە کە وایدەزانی ڕێوی ئاژەڵێکی وشیارو زیرەکە، سڵاوی لێکردو پێیگوت ئەحواڵت چۆنە؟

ڕێویی لەخۆبایی تەماشایەکی کردوگوتی: ئەی بێچارە! ڕاوچیی مشکان! چۆن وێرات ئەحواڵی من بپرسیت؟ ئەرێ تۆ چ شتێک دەزانیت؟ چەند هونەرت هەیە؟

پشیلە بەشەرمەوە گوتی: من یەک هونەرم هەیە.

ڕێوی پرسی: چ هونەرێک؟

پشیلە گوتی: کاتێ کە سەگەکان دوام دەکەون دەتوانم لەسەر

داران باز بدەم و گیانی خۆم رزگار بکەم. ریوی پێکەنی و گوتی: هەر ئەوەندە؟ بەڵام من سەد هونەرم هەیە، دڵم پێت دەسووتێ و دەمەوێ فێرت بکەم کەچۆن ڕووبەڕووی سەگەکان ببیتەوە.

لەوکاتەدا ڕاوچیەک بە خۆیو سەگەکانیەوە گەیشتە جێ، پشیلە یەکسەر چووە سەر دارو هاواری کرد خێراکە جەنابی ڕێوی. تا ڕێوی ویستی کارێک بکات، سەگەکان گرتیان.

پشیلە هاواری کرد: جەنابی ڕێوی ئێوە بە سەد هونەرەوە دیل کران؟ ئەگەر وەک من تەنها یەک هونەرت هەبووایەو ئەوەندە لەخۆت بایی نەبوویتایە، ئێستاکە دیل نەدەبووی.




ماری چل سەر

لە وڵاتێکدا دوو مار دەژیان، یەکێکیان چل سەرو یەک کلکی هەبوو، ئەویتریان یەک سەرو چل کلکی هەبوو. ڕۆژێ لەڕۆژان ئاگرێکی گەورە لە شوێنەکەیاندا کەوتەوە، ماری یەک سەر تا لەتوانایدابوو هەڵات، بەڵام ماری چل سەر لەشوێنی خۆی نەجولایەوە، ماری یەک سەر لەکاتێکا کە هەڵدەهات ئاوڕێکی بۆ دواوە دایەوەوگوتی:

– هۆی برادەر بۆچی وا مات و مەلوول ڕاوەستاوی؟ وەرە با هەڵبێین و خۆمان دەرباز بکەین، ئەگینا لەناو ئاگردا دەسووتێین.

ماری چل سەر کە نەیدەتوانی لە شوێنی خۆی بجوولێت، وەڵامی دایەوە:

– ئەگەر بمتوانیبایە تائێستا هەڵاتبووم، بەڵام داخەکەم سەرەکانم بەیەکەوە ناگونجێن و هەندێ لە سەرەکانم دەیانەوێ بەرەو خوار بڕۆین و هەندێکیشیان بەرەو خۆرهەڵات و هەندێکیان بەرەو خۆرئاواو هەندێکی تریش بەرەو ژوور، حەوت هەشت دانەشیان بەهیچ جۆرێک نایانەوێ بڕۆین و دەڵێن ئاگرەکە بۆخۆی دادەمرکێتەوە، بەکورتی سەرەکانم بەیەکەوە ناگونجێن و منیش ناتوانم بۆ هیچ لایەک بڕۆم.

ماری چل کلک و یەک سەر کاتێ گوێی لەم قسەیە بوو گوتی: (کەواتە من ڕۆیشتم)و لەئاگرەکە دوورکەوتەوە، بەڵام ماری چل سەر بە هیچ ئەنجامێک نەگەیشت و هەر لەناو ئاگرەکەدا مایەوە تا ئەو کاتەی سوتاو مرد.

# کەرپیاو

پیاوێکی چاوچنۆک هەبوو، ئامادەبوو هەرشتێک بکات بە مەرجێک برێک پارەی دەستکەوێت، ڕۆژێک بە تەنها لە ژوورەکەی دانیشتبوو، نانێک و هەندێ پەنیرو سەوزەی لەبەردەم بوو، لەوکاتەدا ژنێکی نەناسیاو بەژوور کەوت، کابرا خێرا نان و پەنیرو سەوزەکەی شاردەوەو بە تووڕەییەوە پێ گوت: چیت دەوێ؟

ژنەکە هێلکەیەکی زێڕی لەناو زەمبیلەکەی دەرهێناو گوتی: دەمەوێ زێڕت بدەمێ.

